
شیعر



لەتیف هەڵمەت

# چەند تۆڕێک بۆ راوی چاو

**نهێنی**

**لەو ماڵە سێ خوشک و سێ برا دەژیان**
**خوشکەکان گشت رۆژێ... گشت رۆژێ خوشکەکان**
**خواردنیان لێ دەنا خواردن بۆ براکان**
**گشت رۆژێ خوشکەکان... جلیان بۆ دەشووشتن**
**گشت رۆژێ داخوازی ژنیان بۆ دەکردن**
**لاوانیش بۆ داوای خوشکەکان دەهاتن**
**براکان لە دوای راو... رۆدەچوون بەرەو ماڵ**
**سێ خوشکی میهرەبان... ناسک وەک بای شەماڵ**
**لوولەی سێ تفەنگیان... لووس دەکرد وەک ساماڵ**
**سێ خوشکی میهرەبان... ئێستاکە وەک جاران**
**دەفری چێشت ناخەنە سەر گڕی ئاگردان**
**سێ لوولەی سێ تفەنگ لووس ناکەن وەک گوێزان**
**هیچ کامیان ناچن بۆ... داخوازی کچی جوان**
**بۆ برا چەلەنگ و تۆلاز و ئازاکان**
**چاوەڕێش ناکەن کەس بچێت بۆ داوایان**



ئێستاکە سێ خوشکە قەیرەکە هەینییان
هەر یەکە و سێ دەسکە گوڵاڵە و خونچەی جوان
لە دەفرێ زیویندا هەڵدەگرن لە سەرشان
دەیبەن و پێکەوە جێ دێڵن دەرگەی ماڵ
دەڕۆن و هەر دەڕۆن... دەفڕن بەسەد باڵ
دەبڕن ڕێگەی دوور... هەر دەڕۆن یاڵە و یاڵ
هیچ کەسێ نازانێ بەرەو کوێ مل دەنێن
ئەو دەسکە گوڵانە... بۆ یارێ دوور دەبرێن
یا لەسەر سێ گڵکۆی نادیار دادەنرێن...

## نایەتی هاتن

دوو تاشەبەرد
کەس نازانێ لە کەیەوە
لەو بنارە جووت بوویوون
دوو تاشەبەرد
دوو کەس هاتن
لە یەکدییان
جیا... کردنەوە
ئەوەی لای ڕاست
تاشەبەردی یەکەمیانی
لەتوپەت کرد
کردی بە بەردەبازێ
بۆ چەمێکی نێوان دوو دێ
ئەوەی لای چەپ
تاشەبەردی دووەمیانی
کرد بە پەیکەری شاعیرێ
کە بۆ ژنێک بەخشی گیانی...



## سەرپێچی

من نامەوێ هەرگیز بمرم
من نامەوێ نە زستان و نە بەهار و

نه هاوین و پایز بمرم
گەر مردیشم من حەز دەکەم
بە یەکەوە دامان پۆشێ
کرێوەی وەرزی شیعرم...

## جادوویەکی دی

تۆی تیا دەدۆزمەوە
هەر لاپەڕەیەک هەڵدەدەمەوە
تۆی تیا ون دەکەم
هەر لاپەڕەیەک دەدۆزمەوە

## دیرۆکی گوناحەکان

دەستمان... دەشۆین بە: ئاو
گوناحەکانمان
بەجوانی ژن...

## کۆچەری

ماڵی خۆی هەیە –با–
ماڵی خۆی:
ئاو
ماڵی خۆی:
ئەستێرە
ماڵی خۆی:
مانگ
ماڵی خۆی:
درەخت
ماڵی خۆی:
دەنکە شقارتە
ماڵی خۆی:
دووکەڵ
ماڵی خۆی:

جنۆکە
تۆ بڵێی ئەوانیش
کرێچی بن...

## یاری

کە کاغەزێ
سپی... سپی بەدی دەکەم
یەکسەر دەیکەم بە قەفەزێ
سەدان وشەی تیا دیل دەکەم

## دۆزینەوە

تۆ جیهانێ گەورە... گەورەی
من نازانم لە چ شارێکتدا ونم
چۆن چۆنی خۆم بدۆزمەوە
مەگەر لەشت
تۆزقاڵ... تۆزقاڵ... بپشکنم

## ئاڵوگۆڕ

گڕ بەردەدەم لە کاغەز و لە پێنووسم
ئیتر شیعر بە زمانم
لەسەر لێوی تۆ دەنووسم

## نووسـین

من نانووسم
من بە دووکەڵی هەناسەم
قەفەزێکی گەورە... گەورە... دەچنم
کچێکی تیادا دیل دەکەم

## خۆڵەمێش

کە دەنووسم من خۆم دەکەم
بەشەختەی خۆڵەمێش و تەم
رووبارێکی درێژ... درێژ
بە وشە دروست دەکەم

## داگیرکەر

تۆ عاشق نیت داگیرکەری
کێ پێی گوتی
بێیتە ناو شیعرەکانمەوە
کێ پێی گوتی
بە دەریای رەشی چاوت
دەورەی دوورگەی دڵم بگری...

## پێگیری

نامەوێ بمرم
تا پەرییەک لە چیرۆکی پیرەژنێک
نەدزم
بۆ بنی دەریایەکم ببا
نە شەیتان فەرمانڕەوای بێ
نە خوا

## پیاسەکردن

یەک... یەک... دووان دووان
بیست... بیست
سەد... سەد
وشەی هەموو زمانەکان
بەیدەست دەکەم
بە پەیڤ درێژترین شەقام
بۆ پیاسەی هەور دروست دەکەم..

## دزی

نازانم بۆ جار ناجارێ
بەپێ دزکێ
دەڕۆم بەرەو پەنجەرەکەم
ئەستێرەیە وێڵ راو دەکەم
دەیخەمە توێی دەفتەرەکەم

## بەخت

چەند بەختەوەرە هەمیشە
هاوڕێتی منداڵ دەکات:
بێشکە...

## منێکی دی

– هەرگیز خۆتت لە نەینۆکدا بینیوە
+ تەنیا جارێک
– چی پێ گوتی و چیت پێ گوت...
+ من گریام و ئەویش کەوتە ورتەورت...

## بەندیخانە

ئەڵێم: سەرم بەندیخانەی رابوردووە
ئەوە نییە هەزار یادگارم
تیادا کۆت و بەند کردووە

## قەرەبوو

دڵم دەڵێ: رۆژێ ئەم دارستانە
دەبێ بە شەقام و کۆڵان
جا ئیتر ئەم چۆلەکانەی کە لێرەن
لە کوێ هێلانە بکەن
کێ قەرەبووی زیانەکانیان دەدا
مرۆڤ... یا... خوا...

## رەشماڵ

هەر بە راستی نەک بە خەیاڵ
گوڵۆڵەی شەو دەدزم و
لەسەر دوندی چیایەکدا
بۆ خۆم دەیکەم بە رەشماڵ

### یاری

هەندێ جار
بۆ ئەوەی بگەیتە رووناکی
دەبێ گوڵۆڵەی شەوگار
لەگەڵ خۆتدا هەڵبگری

### نهێنی

لە دەریادا گەر گوێ هەڵخەی
گوێت لە دەنگی تاشەبەردی کەنارە
باسی منداڵێتی خۆی و
سەرگوزشتەی نەهەنگ و تۆڕ
دەگێڕێتەوە بۆ خۆر

### پرسیار

سنگێکی جل هەڵواسینی
کۆنی کڕی
جلی نەبوو
پیا هەڵواسێ
جگە لە جلەکانی بەری...



### وەڵام

ژوورەکەم ئاوسی بێدەنگییە
تەنیا وێنەکەم بە دیوارەکەوە
لەگەڵما دەدوێ
– چی دەنووسی... چی
+ بێدەنگی...

### پەرجوو

– لە هۆڵێکدا
ناوی بیتهۆڤنم دەهێنا

پڕاوپڕ بوو
له مۆسیقا

## جادوو

رۆژێ لەسەر
لمی بیابانێک نووسیم
بێکاسۆ
دەنکە... دەنکە...
قومی بیابانەکە
بوون بە تابلۆ



## نەگونجان

هەموو شتێک
له جێی خۆی بێزارە
وێنە
له ئەلبووم
رووبار له زەوی
خۆم
له من
ئاوێنە
له خۆی
مرۆڤ
له ئاوێنە
برین
له ژان
تەور
له دارستان
خوا
له ئاسمان...